**Yeketîya Netewîya Demukrata Kurdistan YNDK**

**الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني**
**السكرتير العام**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**
**سکرتێری گشتی**

**Democratic National Union of Kurdistan**

ژمارە / 185                                                                 رۆژ : 2020 / 8 / 15

**برای بەڕێزمان کاك رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتیی حزبی رزگاری کوردستان**

سڵاوێکی برایانەی گەرم ...

بەناوی خۆمان و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، بەبۆنەی (28)ەمینساڵیادی دامەزراندنی حزبە تێکۆشەرەکەتان (حزبی رزگاری کوردستان)، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و تەواوی کادرو ئەندامانی حزبی رزگاری کوردستان دەکەین و، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بێگومان لەکاتێکدا کە یادی دامەزراندنی (حزبی رزگاری کوردستان) دەکەنەوە کوردستان و ناوچەکە لە رەوشێکی زۆر ناسك و هەستیاردان، ئەم رەوشە لە هەموو لایەکمان دەخوازێت کەوا یەکدەنگ و یەکڕیزو هاوهەڵوێست بین، بۆیە پێویستە لەم پێناوەدا ئێمەی حزب و لایەنە کوردستانییەکان زیاتر هاوکارو پشتیوانی یەکدی بین و، بە رۆڵی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆمان رابین.

هەر لەم بۆنەیەدا جەختدەکەینەوە سەر پتەوکردنی پەیوەندی هاوخەباتی و برایانەی نێوانمان لەپێناو زیاتر خزمەتکردن و پێشڤەبردنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان و هێنانەدی تەواوی مافە رەواکانی.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستی دووبارەماندا.

**برای دڵسۆزتان**
**غەفوور مەخمووری**
**سکرتێری گشتیی**
**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**
**2020 / 8 / 15**

کۆڕەك/07504450922 Korek: 07504450922 - Asia: 07704450922
ئاسیا/ 07704450922 E-mail: mmexmuri@gmail.com